

# ئایا مارەیی زۆر پاڵپشتێکە بۆ ژیانی دوارۆژ؟

گوڵان - مەهاباد
ئامادەکردنی: ئاسۆ



# خشڵ و زێڕ کامەرانی دروست ناکات

## تەمەنی ١٥ ساڵە دەیەوێت شوو بە ساماندارێک بکات

وەك ڕۆژنامەنووسێك سەرێك لەدادگا کۆمەڵایەتییەکان بدە، ئەو هاوسەرانە بە دەگمەن دەبینی کە لەپرۆسەی هاوسەرگیریاندا، مارەییەکی کەمیان دیاری کردووە، ئەو پیاوانەی لەقەدەر گیرفانی خۆیان ژنیان هێناوە و وەفادار بە بەڵێنە سەرەتایەکانیان بوونە لەدادگا کۆمەڵایەتییەکاندا نابیندرێن، بەڵام ئەو ژن و مێردانەی کە مارەییان خەیاڵی بووە، دۆسییەکانیان ئەوەندە لەسەریەك کەڵەکە بووە کە لەژمار نایەن.. ژنێك کە هەر لەسەرەتاوە چاوی لەمارەیی زۆر نەبێت، حەتمەن چاوی لەدوارۆژی گەشە و بەختەوەری و دڵسۆزی و وەفاداری لەسەرووی هەموو شتێك دەبینێت...

«نەسرین» دەڵێت: دایکە! مریەمی هاوڕێم دەیگوت کە بڕیارمدا شوو بکەم، هەوڵ دەدەم مێرد بەپیاوێکی ساماندار بکەم، دواتر هانی دەدەم کە هەرچی ماڵ و سامانی هەیەتی بەناوی منەوە بیکات و دواتریش تەڵاقی لێوەردەگرم و لێی جیا دەبمەوە، مریەمی هاوڕێم تازە تەمەنی گەیشتۆتە ١٥ ساڵ».

بەبیستنی قسەکانی نەسرین، سەرم سوڕدەمێنێ، لەتێڕوانینی مریەمی نەونەمام و تازە پێگەیشتوو بۆ ژیانی هاوبەش واق وڕماوم، ئاخر یەك دڵی و خۆشەویستی و وەفا و سۆز، لەکوێی و! ئەو تێڕوانینە دوور لەئەخلاق و مامەڵە دوور لەئینسانییە لەکوێ؟!

بۆچوونەکانی مریەم وام لێدەکات بەدیدێکی ڕۆژنامەنووسانەی کۆمەڵناسانەی بوارەکەی خۆم بەدوای ئەو بابەتە بکەوم و بزانم ئایا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو کەسانەی کە وەك مریەم بیریان لەژیانی هاوبەش کردۆتەوەو کە لەڕێککەوتننامەی ژیانی هاوبەشدا، مارەییەکی زۆریان داواکردووەو دواتریش هەوڵی جیابوونەوەیان داوە زۆرن، باشە بۆچی ئەوانە هەر لەسەرەتای ژیانەوە بیر لەو ئامانجە تەماحکارانە و بەرژەوەندخوازانە دەکەنەوە، بەڕاست هیچ کام لەوانە بەئاواتەکەی مریەم گەیشتوون؟



د.شەهلا کازیمی:

**ڕەوتی بەرەو سەرچوونی مارەیی لەماوەی ٢٠ ساڵدا بەجۆرێک بەرەو هەڵکشان چووە کە لە٥٠ مسقاڵ زێڕەوە گەیشتۆتە ٢٠٠ مسقاڵ زێڕ**

مارەیی لەوشەی (مهر- مەهر)ی عەرەبییەوە هاتووە، بەو مافە دەگوترێت کە ئافرەتان لەبەرامبەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ پیاودا، لەهاوسەرەکانیان وەریدەگرن.. مارەیی بەو ڕێکەوتننامەیە دەگوترێت کە لەنێوان ژن و پیاودا دەبەسترێت و لەڕێککەوتننامەیەکەدا خاڵێك دیاری دەکرێت وەك مافی ژن کە لەیەکەم ساتی گرێبەستەکە دەکەوێتە ئەستۆی پیاو. مێژووی مارەیی و ئەو گرێبەستە هاوسەرییە، مێژووی هەزاران ساڵەی هەیە، بەڵام بەپێی سەردەم گۆڕانکاری بەسەر بڕگەکان و جۆری دان و بەخشینی مارەییدا هاتووە، لەو سەردەمەیدا کە مرۆڤ تووشی ژیانی شارنشینی نەهاتبوو، ڕەگەزی مێینە وەك کاڵایەك مامەڵەی پێدەکرا و لەگەڵ کەلوپەل و پێداویستی ژیانی ڕۆژانە دەگۆڕدرایەوە، بەزۆری لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی مامەڵەی پێدەکرا، هەربۆیە ئەو دیاردەیە هێشتاش لەنێوان کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی ئەفریقا و بەشێك لەئاسیادا ماوەتەوە، هێشتاش لەکۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا ئافرەت دەفرۆشرێ و لەبەرامبەریشدا بەپێی ڕێکەوتنەکە مەڕ و بزن و مانگا و کەلوپەلی دیکە وەردەگیرێ..


مارەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەرلەوەی بنەمای لەکۆمەڵگەدا هەبێ، لەسەر بنچینەی ئەو ئایینەی کورد باوەڕی پێیەتی کە ئایینی ئیسلامە پابەندە، لەکۆمەڵگەی خێڵەکی دورگەی عەرەبی بەرلەئیسلام ژن کاتێك لەگەڵ یەکێك دەچووە ناو کەژاوەی ژیانی هاوبەشەوە، ماڵباتی هەردوولا واتە ژن و پیاوەکە لەسەر پارەی نەختینەیی یان ماڵ و پێداویستی ڕێکدەکەوتن، کە بەشێکی زۆر کەم لەو نرخەی لەمامەڵەکەدا لەسەری ڕێککەوتبوون دەدرا بەژنەکە، زۆرتری ماڵ و سامانی ڕێککەوتننامەکە بۆ ماڵی باوکی ئافرەتەکە دەبوو. لەئایینی ئیسلامدا پرۆسەی هاوسەرگیری و ڕێککەوتننامەی هاوسەرگیری خرایە چوارچێوەیەکی دیکەوە و بەچاوی کاڵا سەیری ئافرەتەکە نەکرا و ئیدی وەرگرتنی هەر پارە و نەخیتنەیەك لەلایەن بنەماڵەی کچەوە بەحەرام زانرا و «شیربایی» واتە ئەو پارەیەی ماڵی باوانی کچە لەماڵی کوڕە وەریدەگرن لەڕیزی حەرامەکان داندرا، لەئایینی ئیسلامدا کە ژن و پیاوی کۆمەڵگەی ئێمە لەسەر بنەما و بڕگەکانی ئەو ئایینە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، هیچ سنوورێك بۆ مارەیی دانەندرا، واتە ئەو مافە درا بەژن و لەڕاستیشدا بەماڵی باوانی ئافرەت کە هەر نەختینە و پارەیەك کە خۆیان بەباشی دەزانن لەماڵی پیاوەکە داوای بکەن، (دەکرێت

مارەیی ئەنگوستیلەیەکی گڵ بێت، یان پارە و خشـــڵ و زێڕێکی زۆر) بۆیە جار هەبووە لەگەڵ ئەوەیدا کــوڕ وکچە و هەموولایەك بەپرۆسەی هاوســـەرگیرییەکە ڕازی بوونەو هیچ گرفتێك نەماوە، لەدوایین ساتدا لەسەر دیاریکردنی مارەیـــی و لەکاتی مارەکردندا واتە ئەو کاتەی کە مـــەلا و خەڵکی دیکە بۆ پرۆسەکە بانگهێشت کراون، هەموو شتێك هەڵوەشاوەتەوە و گەیشـــتوونەتە خاڵی سفر، چونکە ماڵی باوانی کچە لەسەر ئەم باوەڕەن کە هەتا مارەیی کچەکەیان زیاتر بێت، ئەوە زیاتر بەبایەخ و چاوی ڕێزەوە ســـەیرکراون، گەرچـــی نازانن بناغـــەی ژیانی هاوبەش پێکەوە گونجان و خۆشەویستییە نەك مارەیی زۆر!

«کچی خۆم بەقوربانت بم، چۆن ئەو قسانە دەکەی، بەخوای نابێ لەســـێ سەد مسقاڵ کەمتر داوا بکەی، بۆ تۆ چت کەمترە لەکچی مامە ڕەحیمت، جوانتـــری، خوێندەوارتری، خۆشـــمدەوێ و سۆز و هەســـت، ئەو قسانە هەمووی بۆ نووسین باشن، بەخوای دواڕۆژ هەر مارەییەکـــەت پێدەمێنـــێ، کێ دەڵێت سبەی وازت لێناهێنێ، خۆ بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێیەوە» ئەوانە قسەی دایکی نەشمیلن کە بڕیـــار وایە بەم زووانـــە لەگەڵ کوڕێك کە زیاتر لەسێ ســـاڵە بەهیوای یەك دەژین زەماوەند بکا و کێشـــەکان لەلایەن ماڵباتی هەردوولا کۆتاییان هاتووە، بەڵام داواکردنی مارەیی خەریکە کێشـــە دروست بکات. ئایا بەڕاســـتی مارەیی زۆر خۆشبەختی دێنێ و کۆشـــکی هیوای ژیانی هاوبەش پتەوتر دەکات!

د. شـــەهلا کازیمی پور لەلێکۆڵینەوەیەکیدا بـــۆ ناوەندی کۆمەڵگەی ئاســـیا و ئەفریقا بـــەو ئاکامە گەیشـــتووە کـــە ڕەوتی بەرەو ســـەرچوونی مارەیی لەماوەی ٢٠ ســـاڵدا بەجۆرێك بەرەو هەڵکشـــان چـــووە کە لە٥٠ مسقاڵ زێڕەوە گەیشتۆتە ٢٠٠ مسقاڵ زێڕ، ئەویش لەچینـــی ناوەندا، ئەگینا لەچینی داراو خاوەن سەرمایە زۆر لەوە زیاترە..

ئەگەر چاوێك بەدۆسییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانەی گرێبەستی هاوســـەرییان بەپێـــی ئایینی ئیســـلام بووە بخشـــێنین و ســـەرێك لـــەدادگاکان بدەین، دەبینین ئەو کێشـــانەی پێوەندییان بەمارەیی زۆرەوە هەیە لەهەموو دۆســـییەکان زیاترن، چونکە ژن و مێرد لەســـەر هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتـــی پەنا بۆ تـــەڵاق و جیابوونەوە بەرن، مەسەلەی مارەیی، بەتایبەتی ئەگەر



**د. داوەری شێخاوەندی:**

**ئەمڕۆکە بایەخی مرۆڤەکان بەهۆی ئەو سامان و داراییەی کە هەیانە دیاریدەکرێت نەک بەهۆی بواری بەهرەی مرۆڤەکە**

مارەییەکی زۆر بێت دەبێتە کێشەیەکی دیکە، واتە کورد گوتەنی دەردی سەرباری دەردان!

د. داوەری شێخاوەندی بەرپرسی زانستی — پسپۆڕی کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەندیکای کۆمەڵناسانی ئێراندا لەبارەی مارەیی زۆر لەم سەردەمەی کە ئێستا تێداین دەڵێت: هۆکاری ئەوەی کە مارەیـــی وەك مافێکی ئایینی و یاســـایی ژنان کە لەڕێککەوتننامەی ژیانی هاوبەشدا دیاریان کردووە، ڕوو لەهەڵکشانە و زۆربوونە بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆکە بایەخـــی مرۆڤـــەکان بەهۆی ئەو ســـامان و داراییـــەی کە هەیانـــە دیاریدەکرێت نەك بەهۆی بواری بەهـــرەی مرۆڤەکە و توانا و بایەخی ئینســـانیان، تەنانەت گەلێك جاران دەبینین دوو بنەماڵە تەنیا بەهۆی زێدەکردن سامانەکەیان و مامەڵەکردن پێکەوە پرۆسەی هاوســـەرگیری لەنێوانیاندا ڕوو دەدات، کە دانانـــی مارەییەکـــی زۆر، یەکێك لەمەرجە ســـەرەکییەکانی پێکهێنانی ئەو پرۆسەیەیە، ئاساییە ژیانێکیش لەسەر ئەم بنەمایە دروست بێت، ئاکامەکەی چۆن دەبێت.

هۆکارەکانـــی دیاریکردنی مارەیی زۆر وەك پاڵپشتێك بۆ ژنان گەلێك زۆرن کە گرنگترینیان ئەوەیە کە ئافرەتان ســـەرچاوەیەکی ئەمنی داراییـــ بـــۆ دواڕۆژ دیاری بکەن، باشـــە بۆچی ئافرەتان وابیردەکەنەوە کە دوای چەند ساڵی دیکە هاوسەرەکەیان هیچ سەرمایەکی نامێنێ و هەموو شتێك کۆتایی دێت؟ دکتۆر شێخاوەندی هۆکاری ئەو بیرکردنەوەیە لەوەدا دەبینێ کـــە لەوڵاتانی دواکەوتـــوودا ژنان زۆربەیان بێـــکارن و لەماڵـــەوەن، جگە لەو مارەییە خەیاڵییە کە نازانن وەریدەگرن یان نا؟ هیچ پاڵپشتێکی داراییان نییە، بەلەدەستدانی هاوسەرەکەیان ســـامانی هاوسەرەکە لەنێوان میراتگرەکاندا دابەش دەکرێت و ژنەکە هیچ شتێکی بۆ نامێنێ.

هۆکارێکی دیکـــەی کە ئافرەتـــان داوای مارەیی زۆر دەکەن بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی کوردیـــدا ئەوەیە کە ژنان بەرلەوەی دەســـت بەژیانـــی نوێ بکەن، ترســـیان لـــەوە هەیە کـــە پیاوەکانیان ژنیان بەســـەربێنن و ئەوان فەرامۆش بکەن، هەربۆیە مارەیی زۆر وەك هەڕەشە و مەترسی بۆ هاوسەرەکانیان بەکار دێنن. بەڵام ئایا مارەیی زۆر پاڵپشـــتێکە بۆ ژیانی دواڕۆژ؟ ئەگەر مارەیی زۆر تەلاری خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرێتی پتەوکردبا دەبا ئەو هاوســـەرانەی کـــە مارەییان زۆرە قەت لەبـــەردەرگای دادگاکان نەبینرابان و ئەگەر مارەیـــی کەمیش بەمانای بەبێبایەخ سەیرکردنی ئافرەت دابندرێت، دەبا ئەوانەی کە لەســـەر مارەیەکی کەم ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە هیچ خۆشەویســـتی و ســـۆزێك لەنێویانـــدا نەبا، بـــەڵام پێچەوانەکەی ئێمە زۆر دەبینین، واتـــە ئەوانەی مارەییان زۆرە هەمشـــە ژیانیان پڕ لەگرفتتر بووە، چونکە ئەگەر چەکی مارەیی زۆر لەبەردەستی ژنە دابێت، چەکی تەڵاقیش لەبەر دەســـتی پیاو دایە، پیاو دەتوانـــێ ژیانێکی جەهەننەمی بۆ ژنەکەی دروســـت بـــکات، بەجۆرێك کە ژنە نەتەنیا ئامادە بێ لەهەموو مارەییەکی خۆی خۆش بێت، بگرە ئامادە بێ پارەیەکیش بداتە ئەو پیاوەی کە ژیانی لێکردۆتە دۆزەخ هەر بۆ ئـــەوەی ڕزگاری بێت. بۆیە دکتۆر شێخاوەندی لەسەر ئەم بڕوایەیە کە کێشەی مارەیی زۆر بۆ خاوەن ســـەرمایە و داراکان کێشـــەیەکی ئەوتۆ نییە، ئەوەی تووشـــی گرفـــت دەبێت چینـــی مامناوەنـــدە، لەو چینەدا پیـــاوەکان زۆر بڕوایان بەخۆیان نییە و یا ئامادەن لەئاســـت هەموو فەرمانەکانی ژنەکانیانـــدا ملکەچ بن، یـــان کارێك بکەن ژیان لەژنەکانیان بکەنـــە دۆزەخ، بۆئەوەی ژنەکە بەویســـتی خۆی بگەڕێتەوە بۆ خاڵی ســـفر و کۆتایـــی بەهەموو شـــتێك بێنێ.

بنەماڵەکان دەبـــێ منداڵەکانیان وا پەروەردە بکەن بەتایبەتی دایکان کە کچەکانیان لەبری مارەیی زۆر داوای ڕێزگرتن و خۆشەویستی و پێکەوە گونجان بکەنەوە و پێیان بڵێن بەهرە و توانا پیاو و دڵســـۆزی و وەفادارییەکەی بکاتە مارەیی و پاڵپشتی ژیانی دواڕۆژیان؟ بێگومـــان ئەوانەی بەمجـــۆرە بیردەکەنەوە بەختەوەرتر و سەرکەوتووترن.

## ڕوونکردنەوەیەک لە یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان:

# خۆکوشتنی ئەو کچە یاریزانە پەیوەندی بە یەکێتیەکەمانەوە نییە

**ئێمە هەردەم سینگمان فراوانە بۆ ڕەخنەگرتن، بەڵام ڕەخنەیەک لەسەر بنەمای ڕاستی**

لە ژمارەی ٨٦٦ی گۆڤاری گوڵان لە فایلی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر خۆکوشتنی کچە یاریزانی تۆپی دەستی یانەی قەڵا خوالێخۆشبوو هەرێم خۆشەوی لەلایەن ڕۆژنامەنووس(سانا سلێمان) ئامادە کرابوو، لەم ڕاپۆرتە چەند ڕەخنەیەکی دوور لە ڕاستی و بێ ئاگابوون لە ڕاستیەکان ئاراستەی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان کراوە، بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بەپێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەمەوە.

لە دەستپێکی ڕاپۆرتەکە باس لە چۆنیەتی ڕوودانی ئەم کارساتە دەکات کە ئەمە پێوەندی بە یەکێتیەکەمانەوە نییە، بەڵام لە ناوەڕاستی ڕاپۆرتەکە، ئامادەکاری بابەتەکە باس لە لێدوانی هاورێیەکان و یاریزانانی تۆپی دەست دەکات، کە گوایە لە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی فەیسبووك ڕەخنە لە یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان دەگرن، بە بیانۆی ئەوەی، کە ئەم یەکێتیە هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە لە بەرانبەر ئەم کارەساتە.

ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان هەردەم سینگمان فراوانە بۆ ڕەخنەگرتن، بەڵام ڕەخنە لەسەر بنەمای ڕاستی نەوەك لەسەر بنەمای هەڵە و نەبوونی زانیاری، بۆیە ئێمە ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکەینەوە و تەئکید لەوە دەکەینەوە، کە گشت زانیارییەکان لە ڕاستی دوورن، چونکە لە یاری کۆتایی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی دەست، کە لە نێوان هەردوو یانەی نەورۆز و پێشمەرگەی هەولێر لە هۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری بەرێوەچوو، پێش دەستپێکردنی یارییەکە گشت ئامادەبووانی نێو هۆڵەکە خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی یاریزانی خوالێخۆشبوو، لە هەمان کاتدا لافیتەیەکی سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو لە نێو هۆڵەکە هەڵواسرابوو و هاوخەمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو کرد لەهەمان کاتدا وێنەی یاریزانی خوالێخۆشبوو لە نێو هۆڵەکە هەڵواسرابوو و یاریزانانی هەردوو یانە پارچە قوماشی (ڕەش) یان لە درێسیان هەڵواسیبوو وەك نیشاندانی هاوخەمی خۆیان بۆ ئەم کارەساتە دڵتەزێنە و بڕیارماندا گشت هاورێیەکانی و ڕاهێنەر و سەرۆکی یانەی قەڵا بانگهێشتی ئەم مەراسیمە بکەین بۆ ئەوەی گیانی پاکی ئەم کچە یاریزانە بەرز ڕابگرین.

دەبوایە ئامادەکاری ئەم ڕاپۆرتە بەدواداچوونی تەواو لەسەر بابەتەکە بکات بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان.

ئەوەی جێگەی لەم ڕاپۆرتەداخە هەندێك لە یاریزانەکان یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بە کەمتەرخەم دەزانن هەر ئەم یاریزانانە بوون لە کاتی بەرێوەچونی مەراسیمی یاری کۆتایی خولی پلە یەکەکانی کوردستان لە نێو هۆڵەکەدا ئامادەبوون بەچاوی خۆیان ئاگاداری گشت چالاکییەکانی ئەم مەراسیمە بوون.

لە کۆتاییدا تەئکید لەوە دەکەمەوە، کە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەردەم پارێزگاری لە مافی یاریزانەکان دەکات و خۆمان بە خەمخۆری یاریزانەکان و یانەکان و ناوبژیوانان دەزانین و هیچ کات درێغیمان نەکردووە و چالاکی و کارەکانمان شاهیدی قسەکانمانە.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم و ئەندامانەی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەم و هیوادارام ئەمە دواین ناخۆشی بێت بۆ ئەم خانەوادەیە.



بێجان ئیبراهیم
سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی
کوردستان

# ئافرەت خۆی دەسووتێنێ

## پار ساڵ ٣٥١ ئافرەت لەهـ

ئا: ڕۆشنە

* * *

ڕێژەی سووتانی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان تا دێت ڕوو لەزیادبوون دەکات و توێژەرێکی دەروونی دەڵێت ئافرەت چ خۆی بسووتێنێت یان بیسووتێنن، ئەوا کۆمەڵگە تاوانبارە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەساڵی ٢٠١١دا لەهەرێمی کوردستان ٢٢٨ حاڵەتی سووتان و ١٢٣حاڵەتی خۆسووتان هەبووە. لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لەشاری هەولێر ٨٤ حاڵەتی سووتان و ٣٧ حاڵەتی خۆسووتان هەبووە، لەپارێزگاری سلێمانی ٨٧ حاڵەتی سووتان و ٣٧ حاڵەتی خۆسووتان هەبووە، لەپارێزگای دهۆکیش ٣٤ حاڵەتی سووتان ٥١ حاڵەتی خۆسووتان هەبووە، هەروەها لەسنووری گەرمیانیش ٢٧حاڵەتی سووتان و ٧ حاڵەتی خۆسووتان دیاریکراوە. جێگەی ئاماژەیە ئەم ڕاپۆرتە ئەوە دەخاتە ڕوو بەشێك لەو ئافرەتانە بەهۆی قەزاو قەدەرەوە سووتاون یاخود لەئەنجامی بوونی نەخۆشی دەروونییەوە خۆیان سووتاندووە، بەشەکەی تریش بەهۆی توندوتیژی بەرامبەریانەوە خۆیان سووتاندووە.

* * *

### بەرگەی ئەو هەموو سووکایەتیەم نەگرت

(س.م) ئافرەتێك بوو بەوتەی خۆی بەردەوام سووکایەتی پێدەکرا، پار ساڵ خۆی سووتاند، (ن.م) کە دەکاتە خوشکی (س) دەڵێت «باوکم (س)ی دا بەپیاوێك کە تەمەنی زۆر لەو گەورەتر بوو، سەرەڕای ئەوەش بەردەوام سووکایەتی پێدەکردو توندوتیژی بەرامبەر بەکاردەهێنا. (ن) وتیشی: ڕۆژێك پێوەندیان پێوەکردم وتیان خوشکەکەت لەنەخۆشخانەیە و خۆی سووتاندووە، کاتێك چوومە لای گریا و وتی: زۆر بێزاربووم لەژیانی خۆم حەز دەکەم بمرم، چونکە بەرگەی ئەو هەموو سووکایەتیەم نەماوە کە ڕۆژانە بەرامبەرم دەکرێت، ئەوە بوو دوای ٣ ڕۆژ گیانی لەدەستدا، بەڵام هۆکاری مردنی خوشکەکەم باوکم بوو، چونکە بەزۆر دای بەو پیاوە.

ئافرەتێکی تر بەناوی (ر.ح) کەتەمەنی ٢٥ ساڵە و سێ ساڵ بەر لەئێستا لەداخی براکەی خۆی دەسووتێنێت، بەڵام ماڵەوەی زوو فریای کەوتن و لەمردن ڕزگاریان کرد. ئەو ئافرەتە دەڵێت «لەگەڵ براکەم بووە شەڕمان زۆر توڕە بووم و لەئەنجامدا خۆم سووتاند، بەڵام ماڵەوەم زوو فریام کەوتن ڕزگاریان کردم، (ر.ح) پەشیمانی خۆی دەربڕی لەهەوڵەی خۆسووتانی».

### لەماوەی (دە) مانگ ٣٤٠ حاڵەتی خۆسووتان لەشاری هەولێر و دەوروبەری تۆمار کراوە



گۆمەڵگە گوشار دەخاتە سەر دەرونی ئافرەت بۆ ئەوەی خۆی بسوتێنێت

# ـــێت یان دەسووتێندرێت؟

## ـــەرێمی کوردستان سووتاون



دکتۆر سامان حوسێن بەرزنجی

دکتۆر سامان حوسێن بەرزنجی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر سەبارەت بەحاڵەتەکانی خۆسووتان دەڵێ «ئەو نەخۆشانەی کە سووتاون زۆربەیان ئافرەتن خۆیان دەسووتێنن و ئیرادەی خۆکوشتنیان هەیە، لەبواری تەندروستیشەوە بەکەسێکی دەروون ناجێگر دادەنرێت و هەر بۆیەشە ئێستا بەشی دەروونیمان کردۆتەوە بۆئەوانەی کە حاڵەتی دەروونیان باش نییە». (د.سامان) وتیشی «پار ساڵ لەمانگی ٣ تاکو کۆتایی مانگی ١٢ دا ٣٤٠ سووتانی ڕەگەزی مێ هەبووە لەهەولێر و دەوروبەری کە بەشێکی زۆریان ئافرەت بوونە و لەڕووی پزیشکییەوە لەتەمەنی ناوەند بوونە واتا لە تەمەنی گەنجی». دواتر نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەبارەی جیاوازی نێوان ئاماری توندوتیژی لەگەڵ نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی، وتی «ئەوان هەموو حاڵەتەکان دەنووسن و تۆماری دەکەن، کەچی ئێمە تەنیا ئەو حاڵەتانە تۆمار دەکەین کەبەهۆی توندوتیژییەوە سووتاو،ن واتە توندوتیژی دژیان بەکارهاتووە. ساڵی (٢٠١١) نزیکەی (٣٧) حاڵەتی خۆسووتانمان هەبووە بەپێی ئیفادەکانیان دەرکەوتووە کەخۆیان سووتاندووە لەداخی کەسوکاریان، و (٨٤) سووتانمان هەبووە کە بەقەزا و قەدەر سووتاون، بەڵام لەساڵی (٢٠١٠) نزیکەی (٦٤) خۆسووتان و(١٠٢)سووتانمان هەبووە، لێرەدا دەردەکەوێت کە لەسالی ٢٠١١ بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی خۆسووتان کەمی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٠».

(د. سامان) ئاماژە بەوەش دەدا، کە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەسووتێن لەنەخۆشخانە دەڵێن بەهۆی تەقینەوەی بوتڵی غاز و زۆپا و پەرەمێز بووە، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەیان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی خۆیان سووتاندوە و ویستویانە کۆتایی بەژیانیان بهێنن، هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەسووتێنن سووتانەکەیان لەپلە سێیە و ئەوانەی سووتانەکەیان لەو پلەیەیە زۆربەیان ئافرەتن.

### بەردەوام پێوەندیمان لەگەڵ نەخۆشخانەکان هەیە

(د.سامان) سەبارەت بەوەی تا چەند کۆنتاکتیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی هەیە وتی «تائێستا بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی بەشێوەیەکی کارا نەهاتوونەتە لای ئێمە، ئەوان تەنیا داوای ئامار و زانیاری دەکەن بۆ دیراسەت کردن و ناشزانم تاچەند توانیویانە کاری لەسەر بکەن، چونکە ئەوان دەبێ کاری لەسەر بکەن». سەبارەت بەنەبوونی کۆنتاکت لەگەڵ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر دەڵێت «ئێمە کۆنتاکتی بەردەوامان لەگەڵ نەخۆشخانەی ئێمێرجنسی هەیە، چەندین جار نووسراومان بۆ وەزارەتی داد کردووە داوامان کردووە

> **بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی تەنیا ئەو حاڵەتانە تۆمار دەکات کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە**

کە لێکۆلەرەوەی داد لەهەموو نەخۆشخانەکان هەبێت، چونکە پێویستە ئەفسەری بنکەی ئەو گەڕەکە بچێتە نەخۆشخانەکە و لێکۆڵەرەوەی دادی بەردەوام لەوێ بێت».

د. سامان ئەوەشی خستە ڕوو کە ئێستا ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە بە بەردەوامی لەو نەخۆشخانەیە دەوام دەکات و بەشێوەیەکی زۆرباش و بەوردی چاودێری حاڵەتەکان دەکات، هەر کەیسێك بگاتە نەخۆشخانە ڕاستەوخۆ بە هاوکاری لێکۆڵەرەوەی دادی ئیفادەکەی وەردەگرن.

### کۆمەڵە خەڵکانێك هەن گوشار دەخەنە سەر ئافرەت بۆئەوەی خۆی بسووتێنێت

هەودا زەنگەنە چالاکوانی بواری ئافرەتان پێیوایە ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەسووتێنن هیچیان بەویستی خۆیان ئەم کارە ئەنجام نادەن و دەڵێت «کۆمەڵێك هۆکار پاڵنەرە تا ئەو کەسە بیر لەخۆسووتاندن



نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر

بکاتەوە، گوشارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان وایان لێدەکات ڕوو لەخۆسووتان بکەن. هودا ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ڕۆژ دوای ڕۆژ هۆکارەکانی خۆسووتاندن ڕوو لەزیاد بوونن، هەروەها یاسای (غسل العار) دووبارە هەموارکرایەوە و کۆمەڵێك دەزگای تایبەت بەئافرەتان دامەزرێنران و چەندین بنکە تایبەت بەسکاڵای ئافرەت کراونەتەوە، هودە وتیشی «ئێستا خەڵکانێك هەن گوشارێکی زۆر دەخەنە سەر ئافرەت بۆ ئەوەی ناچار بێت خۆی بسووتێنێت و بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی بهێنێت، واتا لەبەر ئەوە ئەو کەسانە بۆئەوەی لەڕووی یاساییەوە تووشی لێپێچینەوە نەبن و سزا نەدرێن بەتاوانی کوشتنی ئافرەت، هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی تر وا لەو ئافرەتە دەکەن کەخۆی بکوژێت و کۆتایی بەژیانی بهێنێت، هەر بۆیەشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی خۆسووتاندنی ئافرەتان لەزیادبوونە، چونکە گوشارەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە زیاد دەکرێن بەرامبەر بە ئافرەتان».

دکتۆر یوسف حەمە ساڵح سەرۆکی بەشی دەرونزانی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین پێیوایە ئافرەت چ خۆی بسووتێنێت یان بیسووتێنن، ئەوا کۆمەڵگە تاوانبارە و دەڵێت «چونکە زوڵمی کۆمەڵگە و پاڵنەرە دەروونییەکانە کە وا لەمرۆڤ دەکات بکەونە ژێر کاریگەری دەروونی و بڕیاری خۆسووتان بدەن و کۆتایی بەژیانیان بهێنن». د. یوسف ئەوەش دەخاتەڕوو، کە بوونی ئەم ڕێژەیە زۆرەی خۆسووتان نیشانەیەکی زۆر مەترسیدارە، چونکە چینێکی سەرەکی کۆمەڵگە بەم شێوە مەترسیدارە ڕوو دەکاتە خۆکوشتن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە بۆیە هۆکاری جیاواز هەیە کە وادەکات ئافرەتان بەم شێوەیە ڕوو بکەنە خۆکوشتن و خۆسووتاندن.

## ڕێگا ڕەئوف:

# ئافرەت هەیە ئەندام پەرلەمانە و بەربەست بۆ ئافرەتان دروست دەکات

**ڕێگا ڕەئوف یەکێکە لەو ئافرەتە چالاکوانانە کە بەردەوام لەکۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و بۆنەکاندا بوونی هەیە بۆ داکۆکیکردن لەمافی ئافرەت، لەهەمان کاتدا ئەندامی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی ئافرەتانە، لەپێوەندییەکدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە ئەمەش دەقی وەڵامەکانیەتی.**

***ساڵانێکە بەردەوام ئەوە دووبارە دەبێتەوە گوایا بەربەست لەبەردەم بەشداری سیاسی ئافرەتدا هەیە، زۆربەی ئافرەتەکان زیاترین گلەیی لەکۆمەڵگە و نەریت و دین دەکەن، لەکاتێکدا لەئێستادا هێندەی ئافرەت چووەتە بوارە جیاجیاکانەوە، دەیان و سەدان ڕێکخراوی داکۆکیکار لەمافەکەنی ئافرەتان هەن، ئافرەت چووەتە بواری سیاسەتەوە، کەچی هێشتا گلەیی لەکۆمەڵگە و عەقڵیەتی کۆمەڵایەتی پیاوسالاری دەکرێت، تۆ لەمبارەوە ڕات چۆنە؟**

- سەرەتا دەبێ باس لەو فەزا سیاسیە بکەم کە بۆتە هۆی بەشداری زیاتری ئافرەتان لەبوارە جیا جیاکاندا بەر لە بە دەورەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو، دەورەیەکی پر لەکێشەمەکێش بوو بۆ ئافرەتان بەوەی کە ڕێکخراوە تەقلیدییەکان واتە ئەوانەی سەر بەحزبەکانن لەکۆمەڵگەدا خەریکی جۆرێک لەکارکردن بوون، هاوکات جۆرێکی تر لەرێکخراو هاتە دەر کە قسەی لەماف و ئازادی ڕەهای ئافرەت دەکرد لەکوردستان، بێتە دەر لەکوردستان کە ئاکامەکەی هەندێ هەنگاوی باشی بۆ ئافرەتان هێنایە کایەوە لەوانەش بەدەستهێنانی بریارێک لەلایەن دەسەڵاتی کوردی کە کوشتنی ئافرەت وەک کوشتنی عەمدی سەیر دەکرێت. ئەم ئاڵوگۆڕە سەرباری ئەوەی سەرکەوتنێک بوو بۆ ئافرەتان و بزووتنەوەکەی، بەڵام هاوکات سەرەتایەک بوو بۆ هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ لەناوبردنی ئەو دەنگە ناڕازی و ئازایەی کە لەمەیداندا بوو، ئەمە دەورەیەکی کورتی ئەو کار و خەباتە بوو کە بزووتنەوەی ئافرەتان ئەنجامیدا لە نێوان سالێ ١٩٩٣_٢٠٠٠.

لەدوای ڕووخانی ڕژیمی بەعس دەورەیەکی تر لەکاری ڕێکخراوەیی سەریهەڵدا. کۆمەڵگە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوانتر کرایەوە بەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگەو بەتایبەت میدیای کوردی و لەو نێوەشدا بزووتنەوەی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی ئاهێکی تازەیان پیاهاتەوە بۆ کاروچالاکی، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر تازەتر لەجاران.



هاوکات ئەم کرانەوەیە کە چەندین لایەنی پۆزەتیفی بوو، لایەنی نیگەتیفیشی بوو. ئافرەتان بەجۆرێکی زۆر بەرفراوان هاتنە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و...تاد. بەڵام لەسەر ئەساسی پاشخانێکی سیاسی پتەو و بەهێز نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەساسی کاری حزبی. ئامارەکانی کوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان شاهیدی ئەم قسانەن، ئافرەتان لەزۆر شوێن بەشداری سیاسی دەکەن، بەڵام گلەیی و گازەندەیان هێشتا هەیە. کەواتە ئەمە بۆ وایە؟ ئەگەر ئافرەتان بواری بەشداریان هەیە ئەی بۆچی گلەیی دەکەن؟ ئەگەر گلەیی دەکەن ئەی بۆچی ئاڵوگۆڕ بەدی ناهێنن؟

با هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئافرەت بن کە بەهەموویان نەتوانن مافێکی یاسایی بۆ ئافرەت بەدەست بهێنن چ لەمەسەلەکە دەگۆڕێت؟ بەپێچەوانەوە زۆرێک لەو ئافرەتانە بوونەتە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم ئەو هەوڵانەی کە ئافرەتانێک لەدەرەوەی پەرلەمان دەیدەن بۆ بەدەستهێنانی مافێکی زیاتر.

بۆیە دەتوانم بڵێم هەم گلەیی و گازەندەکە لەشوێنی خۆیەتی و هەمیش هەبوونی ئافرەت لەبوارەکاندا هەیە، بەڵام وەک وتم کەسی شیاو لەجێگای شیاودا نییە.

**ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەچەندین لاوە گەمارۆ دراون کە ڕێگری دەکات لەگەشەیان لەبەر بوونی پیاو سالاریدا**

*** بەڵام گرنگە هەموو ئەو ئافرەتانەی لەپەرلەماندان تەنیا کار بۆ دۆزی ئافرەت بکەن؟ ئایا ئەمە ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە کە دەڵێن «هەڵبەت ئەمە من نایڵێم» هەندێ دەڵێن بواری ئافرەتان بووەتە بوارە ئاسانەکە کە ئافرەت خۆی پێوە مەشغوڵ دەکات؟ ئەی چۆن قسە لەکارامەیی ئافرەت بکەین لەبوارەکانی تردا؟ ئەی کۆمەڵگە پێویستی بەئافرەتی کارامە و لێهاتوو نییە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە؟**

-مەرج نییە هەموو ئەو ئافرەتانەی لەپەرلەمانن خەریک بن بەمەسەلەی ئافرەتانەوە. من پێموایە کارکردن بۆ دۆزی ئافرەت سەختترین کارە لەکوردستان، چوون کارکردن بۆ ئافرەت لەدیدگای منەوە واتە بەرەنگاربوونەوە لەدژی دواکەوتوویی، پیاوسالاری، ئایین، یاسا، و کەلتور و عاداتی دواکەوتووانە کە هەرکام لەمانە ئاستەمێکە چ لەبەردەم ئافرەتان وەک تاکدا، چ لەبەردەم دۆزی ئافرەتان وەک کارکردن. بۆیە ئەگەر خۆ مەشغوڵکردن بێت بە بڕوای من نەیکەن ئەو کارە باشترە. ئەگەر بواری ئافرەتان ئاسانە ئەی بۆ کەدێتە سەر سادەترین ئاڵوگۆڕ لەهەلومەرجی ئافرەتاندا هەموو دنیا دێتە قسەو هیچ کام لەو خانمانەی پەرلەمان خۆیان ناکەن بەساحیبی؟ هەمووومان دیتمان چۆن مەسەلەی فرەژنی دەنگی پێدرایەوە لەپەرلەمان و بگرە یاسایەکی زۆر دواکەوتوانەتر دانرا. هەوڵدانی جددی لەهەر بوارێکدا لەو کۆمەڵگەیەی ئێمەدا پێویستی بەکاری جدی هەیە. هەر ئافرەتێک ناتوانێت دەرەقەتی ئەو جۆرە لە کارکردن بێت، بۆیە ئەگەر کەسێک پێی وابێت کەئەو کارە ئاسانە بە بڕوای من کار ناکات بۆیە ئاسانە بەلایەوە. ناکرێت لەکاتێکی زۆر هەستیاری وەک دەنگدان بۆ یاسایەك یاخود بۆ هەر مەسەلەیەکی تر کە تایبەت بێت بەئافرەت بێدەنگ بێت و بڵێت خۆ من لەپەرلەمان کارم ئەوە نییە؟ ناکرێت ناسنامەی ئافرەتێتی خۆیان فڕێ بدەن لەبەر ئەوەی کاری تایبەت بەئافرەتان نییە! بۆچی پیاوانی ئەندام پەرلەمان هیچ کات ئەوە فەرامۆش ناکەن کە پیاون و هەوڵ دەدەن بەبیروبۆچونی خۆیان قسە لەسەر دۆزی ئافرەت بکەن، بۆچی ئافرەت دەبێ خۆی لەئافرەتێتی خۆی دامالێتت؟ مەگەر چەوسانەوەو بێمافی ئافرەت هەمووومان ناگرێتەوە بەپەرلەمانتار و خوێندکار و فەرمانبەر و...تاد؟

من پێموایە ئەمە ڕەنگە یەکێک بێت لەو بیرکردنەوانەی کە زیانی داوە لەمەسەلەی ئافرەت، کە وای لێهاتووە کەس خۆی بەساحیبی نازانێت کەچی بەئیشە سووک و ئاسانەکە ناو دەبرێت!.

**• هەست ناکەیت ئافرەتەکانی ئێمە تەنانەت لە بڕیاردانیشدا کە پێوەندی بەچارەنووسی ئافرەتەوە هەیە و لەگەڵ یەک کۆک نین و زیاتر وابەستەی ستراتیژ و فەلسەفەی پیاوانی حزبەکانیانن؟ هەروەک هەمیشە ڕێکخراوەکان لەژێر ڕکێفی حزبە پیاوانەکاندا کاردەکەن؟**

- بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەچەندین لاوە گەمارۆ دراون کە ڕێگری دەکات لەگەشەیان، لەبەر بوونی پیاو سالاریدا. بۆیە ناسەربەخۆ بوونی ڕێکخراوەکان بەجۆرێکە کە حزبەکان بەباشترین جێگای دەزانن بۆ کپکردنی دەنگی ئافرەتان کە ئەمە کارەساتە تووشی ئەم بزووتنەوەیە بووە. بزووتنەوەیەک خۆی پێویستی بەکۆمەک و پشتیوانی هەیە تا بتوانێت لەسەر پێی خۆی بووەستێ و وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ کار بکات، بەڵام لەهەموو بوارەکاندا قۆرخ کراوەو ئافرەتانیش خۆیان هۆکاری ئەم قۆرخکردنەن. بۆ هاتنە دەر لەم بازنە داخراوە ئومێدی زۆرم نییە کە ئەم ڕێکخراوانە بیکەن، چونکە ئەوان بەئامانجی گەشەپێدان و بردنە پێشەوەی کێشەی ئافرەتان نەهاتوونەتە ئاراوە، بگرە بۆ کۆمەک و پاشکۆیەتی حزبەکان دروست بوون، بۆیە بەدیهاتنی ڕاستیەکی لەم شێوەیە خەیاڵ بێت.

**• نزیکەی ساڵێکە ئەنجوومەنی خانمانی سەر بەئەنجوومەنی وەزیران پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنەکەی ڕاگرتبوو، کە پرسیارمان دەکرد ئەیانوت ئافرەتەکان هێندەی بەنەفسی حزبایەتی داوای ئەو پۆستە ئەکەن، ئەوەندە کارامەیی و لێهاتووییان نەکردۆتە بنەما، تۆ ڕات چیە؟ هەروەها ڕات چۆنە بەو ئەنجوومەنە؟ ئەمە بۆ ئەوە نەبوو کە بیرۆکەی وەزارەتی کاروباری ئافرەتانی پێ بگۆڕن؟ «ئەگەرچی من دژی بیرۆکەی ئەو وەزارەتەم» بەڵام لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو ڕێکخراوە چ پێویست بەو ئەنجوومەنە ئەکات؟ چی کردووە لەڕێکخراوەکان زیاتر؟ تۆ بڵێی ئەو ئەنجوومەنە لەڕێکخراوەکان باشتر بتوانێ بچێتە ناو ئافرەتانی چەوساوە و مافخوراوەوە؟**

- ئەم ئەنجوومەنە بەس ڕێگریەکی ترە لەبەردەم ئافرەتان، کاتێك پەرلەمان یان هەر دەزگاو جێگایەکی تر خەریکی دروستکردنی دەزگا بێت لەناو دەزگادا ئەوا ئەو جۆرە دەزگایانە زۆرتر ئەبنە کارێکی بیرۆکراتی تا ئەوەی ئەرک و فەرمانێک بەجێ بێنن یاخود جێگەیەکیان هەبێت لەهاوسەنگیەکاندا. بۆ سەرقاڵکردنی ئافرەتانە بەدروستکردنی شتێک کە کۆمەک ناکات بەئافرەتان، کەواتە ئەمە بۆ دەکات؟ ئەم جۆرە کارانەش دوو ئامانجیان لەپشتەوەیە، یەکەمیان ئەوەیە حزبەکە کاندیدەکە ڕازی بکەن بەجێگەو مەکانەتێک. دووەمیان وەختێک دەزگایەک پێوەندی بەخەڵکەوە نامێنێت ئەکەوێتە گیانی هەیکەل و پێکهاتەکەی خۆی ئەمەش دۆزینەوەی کارێکە لەبڕی بێ ئیشی!.

لەهەر دوو حاڵەتەکەدا دەرەنجامێکی بەکردەوەو مەلموسی نابێت، بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵک و دەزگای ڕاگەیاندنەکان و ئۆرگانەکانی تری حکومی و ئەهلی پێوە سەرقاڵ ئەکەن.هەروەها زۆربەی زۆری پۆستە هەستیار و بەرزەکانی چ حکومەت و چ دامودەزگاکانی تر هەرگیز لەسەر بنەمای کارامەیی و توانا و لێهاتوویی نەبووەو هەمیشە سەرچاوەی لەپۆستی حزبیەوە وەرگرتووە، بەداخەوە کەسی بەتوانا لەشوێنی گونجاو دانەنراوە لەهەموو بوارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە بواری ئافرەتانیش خراپترین بوارە و پەرتەوازەترین بەشی کۆمەڵگەیەو ئەحزابەکان بەئاسانی زەفەری پێدەبەن، چونکە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نییە.

**کەسی بەتوانا لەشوێنی گونجاو دانەنراوە و لەهەموو بوارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە بواری ئافرەتانیش خراپترین بوارە**

**• لە کابینەی حەوتدا بەباوەڕی تۆ ئەو ئەنجوومەنە چی بەسەر دێت؟ داخوا پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە هەر لای شیوعی ئەمێنێت؟**

- ناتوانم بڵێم ئەم ئەنجومەنە دەمێنێت یان هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ کارێکی سەیر و عەجیب ناکات کەببێتە جێگەی سەرنج و ڕوانین تەنانەت خۆشیان کەلەوێ کار دەکەن. بۆیە جیاوازییەك ناکات ئەو پۆستە لەلای چ حزبێکە، شیوعی بێت یان یەکێتی یان پارتی هەموویان بەهەمان شێوە لەسیاسەت کاردەکەن کە تەنیا پێوەندی بەئافرەتەوە نییە ئەو جۆرە لەکارکردن. خۆ ئەم کێشەیە تەنیا یەخەی ئافرەتانی نەگرتۆتەوە هەموو کابینەکانی هەرێم بەهەمان قەیراندا تێدەپەڕێت کە حزبایەتی لەپێش بەرژەوەندی خەڵکێک دێت.